# لەم هەویرە،هەر ئەبێ چاوەڕێی ئەم نانە بین!
# پەرلەمان لە حکومەت حکومەتترە،سەندیکاش موغازەلەیکرد!

**فرياد هيرانى**
fhirany@hotmail.com

ئەم راستییە روون و ئاشکرایە،کە هەم سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان،هەم پەرلەمانی کوردستانیش،لەلایەن هەردوو حزبی دەسەلأتدار کۆنترۆڵ کراون،مەبەستیش لە کۆنترۆڵکردن ئەوەیە:

1- زۆربەی ئەندامانی سەندیکا،کادیروئەندامی هەردوو حزبەکەن و سیاسەتی حزبەکەیان لە ناو سەندیکا جێبەجێ دەکەن،هێشتا نەگەیشتووینەتە ئەو جۆرە مۆدێلەپێشکەووتوەی کە لەناو میللەتانی پێشکەوتوو بۆتە نەریت، کە کاری حزبی لە بارەگای حزب بکرێ و، کاری رێکخراوەیی و سەندیکاییش جیا بکرێتەوە لە حزب،کە ئەندامی حزب لە کاری پیشەییدا تا سەرئێسقان بەرگری لە مافی هاوپیشەکانی بکا ،هەر بۆیەش سەندیکا پرۆژە یاسایەکی وای پێشکەشی پەرلەمان کرد ،کە ببێتە یاسای رێکخستنی کاری رۆژنامەنووسیی، نەك لە ئاستی پێویستدا نەبوو، بگرە خۆڕپێشکردن و موغازەلەیەکی زۆریش بوو بۆ دەسەلأت ! کە بە داخەوە دەبوو پرۆژە یاسایەك بێت زۆر زیاد لە پێویستیش مافی رۆژنامەنووسانی لەبەرچاو بگرتایە، بۆ ئەوەی پەرلەمان ئەگەر نیوەی مافەکانیشی رەتکردەوە هێشتا بەشێکی باش مابایەوە .

2- زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان ، پێکهاتوون لە سەرکردە و کادیر و ئەندامانی هەردوو حزبەکە ،لەگەڵ ئەوەی بە دەنگی خەڵك بوونەتە ئەندامی ئەم پەرلەمانە،بەڵام بە پلەی یەك بە ئاڕاستەی پاراستنی ئیمتیاز وبەرژەوەندیە شەخسیەکانیان کار دەکەن ،بە پلەی دووەمیش گوێڕایەڵی سەد دەرسەدی حزبن، هەر بۆیەشە بە درێژایی (15)پانزە ساڵی تەمەنی ئەم پەرلەمانە ،رۆژێ لە رۆژان نەمانبینی ئەندامێکی ئەم پەرلەمانە،وەك نوێنەری خەڵك و دوور لە بڕیارە حزبیەکان و سیاسەتی تەسکبینانەی حزب ،هەڵسێتە سەرپێ و بە دەستلەکارکێشانەوەی لە حزب و پەرلەمان هەڵوێستێکی بە کردەوە بنوێنێ!

ئەم دووخاڵەی سەرەوە ئەو دەنگە بەرێزانە ناگرێتەوە چ لە ناو پەرلەمان و چ لە ناو سەندیکای رۆژنامەنووسان (کەخۆشم ئەندامی کارام تیایدا) کە ناڕازیبوون و هەر یەك بە شێوەیەك هەڵوێستی نواند بەرامبەر ئەم یاسایە توند و تۆقێنەرەی کە دژ بە مافی رۆژنامەنووسان پەسەند کرا.بەڵام زۆرینەوکۆنترۆڵی ئەم دوو دەزگایە بە دەستی هەردوو حزبەکەوەیە (بە داوای لێبووردنەوە) دۆم میش کلاڵش بۆ خۆی بچنێ، وای ئەچنێ کە ئەگەر پێ لەسەر کەللەودڵی خەڵکیش دابنێ ،هیچ دڕکێك لە پێی نەچەقێ!!

ئەمە حەقیقەتە تاڵەکەیە و ، لەم هەویرەشدا هەر ئەبێ چاوەڕوانی ئەم (نانە!!) بین بۆ رۆژنامەنووسانی کوردستان!

بەڕاستی ئەم یاسایە (خەلأت!)ێکی جوان بوو ، بۆ ئەو رۆژنامەنووسانەی کە هەر رۆژنامەنووس نەبوون، لە رۆژگارە ناخۆش و سەختەکانیش پێشمەرگەوگیانلەسەردەستی ئەم گەلەبوون!

ئەم (خەلأتە!) تۆ بڵێی بۆ ئەو رۆژنامەنووسانەبێ کە لە کونە شاخ و ئەشکەوتەکان بە هەزار دەردەسەری و ، بە تابیعەیەکی شڕ و رۆنیۆیەکی سیکڕاب بلأوکراوەکانی شۆڕشیان دەردەکرد؟ یان ئەم (خەلأتە!) بۆ رێزلێنان و حورمەتی خوێنی ئەو رۆژنامەنووسە شەهیدانەیە ،کە لە پاڵ دوند و رەوەزەکاندا خوێنیان لەگەڵ خاك ئاوێتە بوو؟ یان هەق و رێزێکە بۆ ئەوانەی لە زیندانەکانی بەعس داڕزانەوەو جوامێرانەش بەرەو پەتی سێدارەچوون؟!!

پێویستە ئەو ئەندام پەرلەمانانەی کە دەستیان بۆ ئەم یاسایە بەرزکردەوە وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە، ناشزانم بڵێم چی بۆ ئەوانەی لە سەندیکای رۆژنامەنووسان سەریان بۆ ئەم یاسایە لەقاندووە !!!

لێرەدا داوا لە جەنابی سەرۆکی هەرێم بەڕێز( کاك مەسعودبارزانی )ئەکەم ،ئەم یاسایە ئیمزا نەکا،کەتۆزقاڵێك دەرفەتی بۆ ئازادی رۆژنامەنووسی و رادەربڕین نەهێشتۆتەوە،ئەوانەی کە دەنگیان بۆ ئەم یاسایەداوە پێویستە بۆ هەمووولایەك و بۆ جەنابی سەرۆکیش روونبکەنەوە کە،(یەکەم:ئەمنی قەومی دووەمیش: دابونەریت) چیە؟ بەبێ روونکردنەوەودیاریکردن و شیکردنەوەی ئەم دووخاڵە و

ووشە بە ووشە و جێگیرکردنی، یاساکە ئەچێتە ریزی یاسای ئەودەوڵەتە دیکتاتۆرانەی، کە تەنیا دەسەڵاتدار لەلایان سەروەرەو،مافەکانی مرۆڤ و یاسا هیچ نرخێکیان نیە !

ئەبێ هەموو لایەك ئەوەش بزانین کە ئەم یاسایە تەنیا بۆ ئەوانە نیە کە ئیستا یاساکە بەم شێوەیە لەبەرژەوەندیان دایە، بە پێچەوانەش تەنیا بۆ ئەوانەش نیە کە دوور لە عورفی رۆژنامەنووسی هەر خەریکی بوختان و درۆ و جنێو بلاوکردنەوەن، جارێ ئەوانە هەر ناگرێتەوە کە لە دەرەوەی کوردستانەوە و دوور لە دەسەلاتی حکومەتی هەرێم، هەواڵ و شتی نادروست و سیناریۆی خەیاڵی دوور لە بەهاکان بلاودەکەنەوە! ئەمانە دوور لە یاسای رۆژنامەنووسی ئەبێ بە یاسایتر سزابدرێن ،چونکە کارەکەیان ناچێتە خانەی کاری رۆژنامەنووسی راستەقینە.

ئەم یاسایە ئەبێ بکرێتە یاسایەك لە ناوەڕۆکدا پارێزگاری تەواو لە مافی ئەو رۆژنامەنووسانە بکا، کە راستگۆیانەوئازایانە لە ناو کوردستان و دەرەوەی کوردستانیش کاردەکەن ، لە پێناو بەرژەوەندی گشتی هەرێم و دوارۆژی دیموکراتیەت وئازادی لە کوردستان راستگۆیانە بە گژ سیاسەتی چەوت و ئیدارەی چەوت و گەندەڵی ودیاردە ڤێزەونەکاندا ئەچنەوە .

جەنابی سەرۆکی هەرێم دەتوانێ بە ئیمزانەکردنی یاساکەو، تێبینی و رەخنە و شیکردنەوەکانی خۆی، هاوکێشەی ( لەم هەویرە هەر ئەم نانە دروست ئەبێ) بگۆڕێ و بەلای ئازادی و دیموکراتیەدا بیشکێنێتەوە.